# حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران و سازمانی تازەپێگەیشتوی زەحمەتکێشان و تامەزرۆی موزاکرە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی!

عادل ئەلیاسی eliasiadel@hotmail.com

دوێنێ ٢٣ سپتامبری ٢٠٠٢ ڕادیو پژواک، ڕادیوی سەراسەری سوئێد، ڕاست بوونی پیشنهادی مووزاکرەی جمهووری ئیسلامی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران و سازمانی زەحمەتکێشانی، ڕاگەیاند. ویژەری ئەم ڕادیویە لە زمانی عبدالله حەسەن زادە، سکێرتێری گشتی حیزبی دیموکراتەوە ڕایگەیاند کە لە لایەن جمهوری ئیسلامیەوە پیشنهادی دانشتنیان لە گەڵ کراوەو ئاخرین داواکاریش سێ حەوتوو لەوەو پێش بووە. بە گوێرەی هەمان ڕادیو ئەم پیشنهادانە لە لایەن کەسایەتی کوردی ئیرانی و حیزبە سیاسیەکانی کوردوستانی عراقەوە بە دەستی حیزبە ناوبراوەکان گەیشتوە. عبدالله حەسەن زادە کە لە ڕێوڕەسمی سالڕۆژی تیرۆری شەرەفکەندی و هاوڕیکانی بەشداری دەکرد ڕایگەیاند کە حیزبەکەی ئەو ئامادەی دانیشتن لە گەڵ جمهوری ئیسلامی هەیە بەو شەرتەی کە ئەم دانیشتنە لە ولاٚتێکی ئوروپای دا و بە پارێزگاری پۆلیسی ئەو ولاٚتە بەڕێوە بچێت. ناوبراو ڕای گەیاند کە حیزبەکەی ئەو چی دی موزاکرەی نهێنی ناکات و هەر نەوعە دانیشتنێک دەبێ ئاشکرا بێت و هەموو لایەن و جناحەکانی جمهوری ئیسلامیش نوێنەرایەتی بکات. شایانی باسەکە ماوەیەک لەوەوپێش عبدالله موهتەدی سکێرتێری گشتی سازمانی زەحمەتکێشان ڕایگەیاند کە ڕێکخراوەکەی ئەویش موزاکرە لە گەڵ جمهوری ئیسلامی بە شەرتێک کە بە سەرپەرستی ئنترناسیونالی سوسیالیست و لە ولاٚتێکی ئورووپایدا بەڕێوە بچێت قبووڵە.

ئەوەی کە شایانی سەرنجە ئەوەیە کە سەرانی حیزبی دیموکرات و سازمانی زەحمەتکێشان ماوەیەک لەمەوبەر، لە گەڵ بلاٚوبوونەوەی هەواڵی ئەم نەوعە پیشنهادانەو دانیشتنی پشت پەردەی نێوان ئەوان و جمهوری ئیسلامی، هەرنەوعە ڕابتەیەکیان بەدرۆ خستەوە. بەلاٚم وادەردەکەوێت کە هەموو ئەو هەواڵانە ڕاست بوون. سازمانی زەحمەتکێشان ئەم هەواڵانەی وەکوو "شایعەی کۆمەڵە" لە قەڵەم دەداو مودەعی بوو کە ئەوان هیچ نەوعە پەیوەندییکیان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی نەبوو. واش دەردەکەوێت کە ئەم دوو حیزبە لە ڕابردوو پەندیان وەرنەگرتووە و سەرەڕای ئدعای خۆیان بە نهێنیەوە پیشنیادیان پێ دەکرێت و کاتێک مەجبوور دەبن و دوای چەند مانگ و چەند حەوتوو بە ئاگاداری خەڵکی دەگەیەنن.

لە کاتێکدا کە کۆمەلاٚنی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردوستان بە تایبەت لەگەڵ یەکێک لە هارترین ڕژیمەکانی مێژووی بەشەری دەستەو یەخە، لە شەڕو تێکهەڵچونێکی هەمەلایەنەنەدان، لە کاتێکدا کە سەرانی ئەم ڕژیمە دەستیان بە خوێنی هەزاران ئینسانی شۆڕشگێرو ئازادی خواز سورە، لە کاتێکدا کە ئەم ڕژیمە جنایەتکاری و وەحشیگەری خۆی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەسەلمێنێ و تێ دەکۆشێ بە فێڵبازی و درۆو تەوتئە، لە ژێر ناوی "**ئیسلاحات**" دا، بلێسەی ئاگری خەباتی جەماوەری دامرکێنێ، لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردوستان بە ڕاشکاوی و بە ڕاپەڕین و ڕژانە ناو گەڕەکوو کۆلاٚنەکانی شارەکان، کە ئاخرین نموونەی لە مەهابات بوو، ئارەزوی ڕوخانی ئەم ڕژیمەیان بە دەنگی بەرز ڕاگەیاندوە، لە ئاواکاتێکدایە کە حیزبی دیموکرات و سازمانی زەحمەتکێشان تینوی دانیشتن و موزاکرەن.
شەرتەکانیشیان نەک چونە دەرەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردوستان و ئازاد کردنی زیندانیە سیاسیەکان و... بەڵکوو پارێزگاری لە جەلەسەی موزاکرەکەیان لە لایەن پۆلیسی ولاٚتانێکەوەیە کە بە پێی بەرنامەیەکی تێلێڤیزیونی سوئێد، تیروریستەکانی جمهوری ئیسلامی پارێزگاری

www.kurdistannet.org 24-09-2002

دەکەن  تا بتوانن بگەڕێنەوە ئێران، بۆ  نموونە یەکێک لە قاتڵەکانی‌شەرەفکەندی، لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کە ١٠ سال لەوەو پێش لە ئاڵمان تیرور کرا.
هیچ شەک لەوە دا نیە کە هێنانە گۆڕێی باسی موزاکرە پیلانێکی چەپەڵی جمهوری ئیسلامیە بۆ بەلاڕێدا کێشانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردوستان و دامرکاندنەوەی خەباتی کرێکاران، ژنان و لاوانی وەخۆکەوتوی کوردوستان. هیچ شەکیش لەوەدا نیە کە حیزبی دیموکرات و سازمانی تازە پێگەیشتوی زەحمەتکێشان، ئاگاهانە یان نائاگاهانە، کەوتوونەتە داوی ئەم پیلانەی جمهوری ئیسلامیەوە.
خەڵکی کوردوستان ئەمڕۆ پێویستیان بە موزاکرەو دانیشتن لەگەڵ ڕژێمێک نیە کە ڕۆڵەکانیانی بە وەحشیانەترین شێوە ئیعدام کردوە، بە هەزاران منداڵی بێ دایک و باوک کردوە و سەرەتایترین مافەکانیانی بە زیندان و کوشتن و بێ حورمەتی، پێشێل کردوە. ئەمڕۆ خەباتێکی جەماوەری هەمەلایەنە لە تەواوی ئێران، بە تایبەت لە کوردوستان لە ئارادایە کە ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی ئامانجیەتی. هەرنەوعە سازش‌کردنێک لە گەڵ ئەم ڕژیمەو  هەرنەوعە موزاکرەو دانیشتنێک بە بێ ئاگاداری خەڵکی کوردوستان دژایەتیە لە گەڵ ڕەوتی ئەوخەباتەو شەریک بوونە لە پێش گرتن بە لافاوی خەباتی جەماوەری کە  بۆ نەهێشتنی ستەم و نابەرابەری‌و گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لە ئارادایە.
دانیشتن‌و موزاکرە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا  هیچ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردوستان تێدا نیە. لەوانەیە کەسان‌و لایەنێک بە پایەو مەقامێک بگەیە نێت،  بەڵام هیچ شتێک لە ڕەنج وئازارەکانی  خەڵکی کوردوستان کە قوربانیانی سەرەکی حاکمیەتی جمهوری ئیسلامین، کەم ناکاتەوەو بگرە خەباتەکەشیان لاواز دەکات. جمهوری ئیسلامی دەبێ بڕوخێت و دەبێ لە ڕێگای خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشیشەوە بڕوخێت. ئازادی، خۆشبەختی، ئاسوودەی‌و مافی دیاری کردنی چارەنوس  یانی نەمانی وەلایەتی فەقی، یانی بە سزاگەیاندنی سەرانی جمهوری ئیسلامی‌و یانی ژێراو ژێر کرندی ئەو جەهەنەمەی کە ئەم تاقمە جنایەتکارە بۆ میلیونها ئینسانیان خوڵقاندوە. بەلاڕێدا کێشانی خەباتی خەڵکی کوردوستان، بە مەبەستی بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزبی، یان هەر بەرژەوەندیەکی دیکە، شەریک بوونە لە درێژەدان بە جنایەت‌و ئینسان کوژی جمهوری ئیسلامی.
ئەمڕۆ پێویستە  پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردوستان بۆ ڕوخانی جمهوری ئیسلامی بکرێت و ناوەرۆکی ئەم خەباتە لە بواری ئێونەتەوەی‌دا، بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی بیرورای گشتی بۆ ئەم خەباتە، بلاوبکرێتەوە. پێویستە هەموو ئینسانە ئازادی‌خوازو شۆڕشگێڕاەکان دەست بدەنە دەستی یەک و بە بێ هێچ ڕاڕاییێک بە کاروانی خەباتی خەڵکی ستەم لێ کرای کوردوستان  بۆ ڕۆخانی ئەم ڕژێمە جنایەت کارەو دامەزراندنی پایەکانی کۆمەلگایەکی ئازادو بەرانەر، پەیوەست بن.

٢٤/ ٩/٢٠٠٢